# وت وویژی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەل سەمیر عادل سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی حیزب لەبارەی پیکهینانی ریکخراویکی جەماوەری لەدژی لەبەریەك ترازانی ژیانی مەدەنی کۆمەلگای عیراق



**سازدانی خەسرەو سایە**

خەسرەو سایە: هاوری سەمیر عادل هەروەك بەدوای پلنۆمی 15ی حیزبدا کەسەلەی دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەبارودۆخەکانی ئیستاو زەرورەتی پیکهینانی ریکخراوەیەکی جەماوەری بۆتە یەکیك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم دەورەیەی رابەری حیزب و لەمبارەشەوە ئیوە وەك بەرپرسی هەنگاو نان بۆ دامەزراندنی ئەم ریکخراوەیەتان لەئەستۆ گرتووە.... لیرەدا پرسیاری ئیمە ئەوەیە کە ریکخراوەیەکی ئاوا پشتی بەچ لیکدانەوە و هەلسەنگاندنیکی سیاسی لەبارودۆخەکانی ئیستای عیراق بەستووە؟  بەواتایەکی تر بناغەکانی تەرحیکی ئاوا لەکۆیوە سەرچاوەی گرتووە؟

سەمیر عادل: بەداخەوە کاتیك دەمەوی بلیم کەهەموو لیکدانەوە و پیشبینییەکانی حیزب لەبارەی ئاکامەکانی جەنگی ئەمریکا لەدژی خەلکی عیراق راستی و دروستی خۆی سەلماند. ئەمرۆش دیسانەوە حیزب بە ولیکدانەوەیە گەیشتووە کە کۆمەلگای عیراق لەسەرەتای شەریکی ناوخۆ و جەنگی تیرۆریستاندا راگیراوە. جەنگیك کەلەنیوان ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە حکومەتی کاتی و ئەو حیزب و لایەنە ناوخۆیيانەی تەئیدی سیاسەتی وەحشی گەرییەکانی ئەمریکا دەکەن، لەگەل پاشماوەکانی رژیمی بەعس و دەستەو تاقمی ئیسلامی. جەنگی ئەمریکا لەلایەکەوە بووە هۆی دارمانی هەموو روخساریکی مەدەنیەت و کۆمەلگای عیراقی گۆری بە جیگایەك کە یاسای جەنگەلی تیا بەریوە دەچیت. نەدەولەت ونەهیچ خزمەت گوزارییەکی کۆمەلایەتی ئاسەواریکیان نەمایەوە. دەستی تاوانکاری دەیان کۆمەلی چەتە و ئینسان کوژ ئاوەلابوو بۆ دزین و تالانی. فەدای ئیداری هەموولایەکی گرتۆتەوە، ئیدارەی ئەمریکاو ئەحزابی لایەنگری لەعیراق بۆ ئەوە بوو شەرعیەت بە مانەوە و داگیرکاری بدەن، ئەمەش لەسەر حسابی دزین و تالانکردنی داهاتی نەوت و سامانە کۆمەلایەتییەکانی تر. لەلایەکی ترەوە دەستەو تاقمی ئیسلامی و پاشماوەکانی بەعس دەستیان دایە شەریکی ناوخو لەدژی ئەمریکا بەبەهانەی بوونی" ئیحتلال" و تەواوی شوینی کار و ژیانی خەلکیان گۆری بەمەیدانی جەنگەکەیان. لەراستیدا ئەم دەستەو تاقمانە " ئیحتلال"یان کردۆتە بەهانەیە بۆ ئەنجامدانی درندانەترین کردەوەی تاوانکاری لەدژی خەلك و مرۆڤایەتی. بۆ نمونە لەسەرو بەندی "جەژنی قوربا" دابوو دەیان صالۆنی قژ برینی ژنان و پیاوانیان لە زۆر شوینی بەغدا، تەقاندەوە. ریش هیشتنەوەیان لەشارەکانی فەلوجە و چەند شوینی شاری موصلدا بەسەر پیاواندا داسەپاند. حجابی بەزۆری ژنان لەزانکۆکانی بەسراو چەند شوینیکیتر لە"مدینە السورە" و ناسریە و عمارە وسامەرا پەیرەو کرد. تەنانەت جیاکاری جنسییان لەنیوان دکتۆری ژن و پیاوی نیو خەستەخانەکانی نەجەف و کەربەلا و کازمیە دا دروستکرد و هەمو ە سەرچاوەکانی ئاوو کارەبای خەلککیان تەقاندەوە، بەبەهانەی شەریان لەگەل ئەمریکادا. بانگەواز بۆ کوشتنی ئەوانەی بەکوردی قسە دەکەن لەشارەکانی موص لو کەرکوك، و ئەمەش هەلی دایە دەستی ئەحزابی قەومی کورد و تۆرکمان بە هەمان شیوە پەلاماری خەلکی عەرەبزمانی ئەم شارانە بدەن و بەم شیوەیە ژیانی خەلکی ئەم شارانە بگۆرن بە کۆسفۆیەکی تر. فتوای کۆشتنی شەیعە مەزهەب لەلایەن سونە مەزهەب و بەپیچەوانەشەوە، هەروەها حەلالکردنی خوینی مەسیحی وسائیبییەکان و کۆچپیکدرنی بەزۆریان بۆنمونە لەشاری بسرا ئیستا نزیکەی 5 هەزار مەسیحی دەژین لەکاتیکدا بەرلە شەری ئەمریکا 50 هەزار کەس دەبوون. نەمانی ئەمنەیەت و ئاسایش بۆتە مەترسی هەموو کەسیك و رۆژانە دەیان کەس لەتەمەنی جۆراو جۆر دەکوژرینئەمەش یان بەهۆی بۆردمانی کویرانەوە وەیان بەهۆی تەقاندنەوەی سەیارە و بۆمبەوە کەلەسەر

ریگاوبان و لەبازەرەکان ، لەلایەن ئیسلامی‌یەکان و پاشماوەکانی بەعسەوە دادەنرین. ئەوەی کە دەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆ و جیهانی لەبارەی رووداوە خویناوی‌یەکانی عیراقەوە رۆژانە بلاوی دەکەنەوە تەنها دلۆپیکە لەدەریایەك.. لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا تادیت نارەزایەتی خەلکی عیراق بەرووی هیزەکانی ئەمریکاو بەدژی تاوانەکانی ئیسلامی سیاسی رۆژ لەدوای رۆژ پەرە دەگری. بیزاری وتۆرەیی و بیهیوایی خەلك لەگەل دریژبوونەوەی ئەم بارودۆخانەدا روولەسەر دەکا.

رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەکۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندیدا بریاریکی پەسەندکرد کە بریتی بوولە توندکردنەوەی خەباتی دەورەی داهاتووی خۆی لەپیناو دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەم بارودۆخەی کەتیی کەوتووە و ئەمەش لەریگای دامەزراندنی ریکخراویکی جەماوەری‌یەوە کە ئامانجەکەی بریتی‌یەلە کۆتایی هینان بە داگیرکرای ئەمریکا و هاوپەیمانانی، کەبەبروای ئیمە سەرچاوەو هۆی سەرەکی نائەمن بوون ونەمانی ئازادیەکان و ژیانی ئاسوودەی خەلکی عیراقە. هاوکات هەولدات بۆ دووبارە ریکخستنەوەی ژیانی مەدەنی کۆمەلگای عیراق و کارکردن بۆ پیکهینانی حکومەتیکی ناقەومی و نا مەزهەبی. بیگۆمان بەنەمانی داگیرکاری ئەمریکا بەرەی ژیر پی‌ی دەستەو تاقمە ئیسلامی‌یەکانیش دەردەکیشریت. بەم جۆرە ئەم ریکخراوەیە ئەرکی دامەزراندنی دەلەتیك لەئەستۆ دەگری کە بەهۆیەوە ئاسایش و ئازادی‌یەکانی خەلك و ژیانیکی ئاسوودە بۆ جەماوەری خەلکی عیراق دابین دەکات.

خەسرەو سایە: بەدوای ئەم رۆشنکردنەوانەی ئیوەدا، دەکری پیمان بلێیت نەخشەی ئیوە بۆ پێکهێنانی ریکخراوەیەکی لەمجۆرە چی یە؟ واتە ئەو هەنگاوە عەمەلی یانە چین کەکەوتونەتە دەستوری ئیوەوە لەراستای دامەزراندنی ریکخراوەیەکی جەماوەری لەمجۆرە ؟

سەمیر عادل: ئیمە بەکردەوە بەدوای بریاری پلنۆمی 15ی کۆمیتە ناوەندی و پەسەندکردنی بەلگەنامەیەك کەلەمبارەوە هاوری کۆرشی مودەرسی لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری حیکمەتیست ، لەپیناو دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەوبارودۆخەی کەباسم کرد، پیشکەش بەپلنۆمی کردبوو، دەستمان بەکار کردووە. بەتیابەتی کە مەکتەبی سیای حیزب منی راسپاردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە دەست بەکاربم. بەلام دەبی ئەوەش بلیم کە ئەم پرۆژەیە لەدریژەی هەول و تیکۆشانیکدایە کەبەدریژایی یەك سال و نیوی رابردوو، حیزبمان گرتۆیەتی‌یە بەر. لەبارەشەوە بەتایەبتی ئیمە لە 25 ئابی سالی پاردا کۆنگرەیەکمان لەژیر ناوی" دووبارەسازدانەوەی مەدەنیەت لەکۆمەلگای عیراقدا" سازداتیایدا دەیان لایەن و ئەحزاب و کەسایەتی ئیمزای خۆیان لە بەلگەنامەیەکدا کەئاماژەبوو بۆ کۆتایی هینان بەداگیرکاری و دانانی بەرنامەیەك بۆ بەستنی سیناریۆ رەش لەعیراقدا. هاوکات دەستمان کرد بەکارکردن لەسەر ئەولایەنانەی کەلەکۆنگرەکەدا بەشداریانکرد، بەمجۆرەش ژمارەیەك لە نوینەرانی ئەحزاب و لایەنەکان و کەسایەتی کە ئیمزایان دا لەبەلگەنامەکانی ئەم کۆنگرەیە، ئامادەکراون بۆ ئەوەی لەبارەی پیکهینانی ریکخراوەیەکی جەماوەری لەمجۆرەوە قسەیان لەگەل بکەین. لەلایەکی تریشەوە ئیستا خەریکی سەردان و بەستنی دیدیارین لەگەل چەندین کەسایەتی کەخاوەنی ناوبانگی و ئیعتبارن لەنیو خەلکداو بەپلەیکی باشیش هاوران لەگەل پرۆژەکەمان و بۆچوونیکی پیشکەوتن خوازی و ئینسانیانەیان هەیە و خوازیاری کۆتایی هاتنی ئیحتلالی ئەمریکا و دووبارە سازدانەوەی مەدەنەیتن لەعیراقدا. بەم جۆرە هەولی ئیمەلەسەر ئاستی ئەو کەسایەتی ولایەنانەیە کە لەباری بۆچوونەکانمانەوە لەسەر پرۆژەکە نزیکین تا بتوانین ریکخراوەیەکی جەماوەری بە ئامانجەکانی خۆیەوە پیکبهینین. لەمبارەشەوە لەئاستی ناوچەکان و گەرەکەکان و لەنیو خەلکیدا وبەتایبەتی لەنیو ئەدیبان و رۆشنبیران مامۆستای زانکۆ و دادوەر و پاریزەر و دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا.. لەشارەکانی بەسرا و حللەو کەربەلا و ناسریە و بەغدا وکەرکوك و موسل .. سەرکەوتنی باشمان بەدەست هیناوە و پرۆژەکەش دەنگ و سەدای باشی لە زۆر شویندا بۆ پەیدابووە. تەنانەت لەگەل هەرکەسیك باسی ئەم پرۆژەیەمان کردبیت ئامادەیی خۆی بۆ پەیوەست بۆن پیمانەوە نیشانداوە. وەلەئاستی دەرەوەی ولاتیش دەنگ وباسی پیکهینانی ئەم ریکخراوەیە کەمتر نی‌یە لەچاو ناوخۆدا.تاکوئیستاش سەرۆك و سکرتیری بزوتنەوەی سوسیال دیموکراتەکان لەیابان و کۆمەلیك ماموستای زانکۆ

لەیابان و حیزبی شوعیی سوریا باڵی خالید بەگداش، و باڵی یوسف فیصل و دەیان رۆشنبیر و نوسەر و سیاسەتمەداری عیراقی لەسوریا و هاوکات هەندیک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی شوعی ئەردەن وو کۆمەڵیکیتر لە مامۆستا لەنیوەندی هاوپیشتی جیهانی و لەزانکۆی واسنتۆن و کۆمەڵیکیتر لە چەپەکان و رۆشنبیرانی نیو جالیەی عەرەبی لەکەنەدا خۆیان بەپەیوەست بەم پرۆژەیەوە دەزانن و ئیمە هەوڵ دەدەین لە چەند رۆژی داهاتوودا ناوی هەموو ئەو لایەنانە رابگەیەنین کە تەئیدی ئەمپرۆژەیەدەکەن.

خەسرەو سایە: باشە ئەم ریکخراوە نابیتە ئەلتەرنەتیفی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری، بەتایەبەتیش حیزب وەك خۆی تیدە کۆشیت بۆ دەرکیشانی کۆمەڵگای عیراق لە سیناریۆی رەش. بەکورتی جیگاو ریگای حیزب لەم تەرحەدا چۆن دەبیت؟

سەمیر عادل: نەخیر، ئەم پرۆژەیە هەرگیز بەدیل نییە بۆحیزب. بەلام ئەم تەرحە یەکیکە لەپرۆژە سەرەکییەکانی حیزب. حیزب هەولدەدات تا رابەری ئەم ریکخراوەیە مسۆگەر بکاو ببیتە بربرەی پشتی. هاوکاتیش ئەم پرۆژەیەی یەکیکە لەوپرۆژانەی کە بەهۆیەوە حیزب بەرەو حیزبیکی سیاسی– جەماوەری دەبا. بەکورتی ئەم پرۆژەیە دەستی هەلسورانی حیزب دەکاتەوە و بەرو هەمو جیگایەك دەیبا وکومۆنیزمی کریکاری دەکاتە ئامرازیك بۆ ئالوگۆرپیدانی ژیانی ئینسانەکان نەك وەك مەکتەبیکی فیکری پەیوەست بە هەندی رۆشنبیری چەپەوە کەلەکەنار کۆمەلگادا راوەستاون و تەنها ناوبانگ لەحیزب وەردەگرن. ئەم پرۆژەیە دەتوانین بلیین وەك پرۆژەی"کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا" وایە کەلەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئەفریقای جنوبی یەوە بۆ کۆتای هینان بەئاپارتایدی رەگەزی رەش پیست پیکهات و چەندین حیزب تیدا بەشداریانکرد. وەیا لە"ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین" دەچی کە چەندین گروپی فەلەستینی لەخۆگرتووە و بەلگەنەمەکەشیان تەنها لەسەر رزگاری فەلەستین تەوەرەی بەستووە.

خەسرەو سایە: ریکخراوەیەك کەئیوە باسی دەکەن، حەتمەن پیرەوی ناوخۆوو ئامانجی راگەیەندراوی هەیە تا خەلکی و لایەنەکان بتوانن لەنیویدا کۆببنەوە، لەمبارەوە ئەگەربکری لەبارەی نا وو پیرەوی ناوخۆو ئەهدافەکانی ئەم ریکخراوەوە هەرچون بووە زانیارییەکی زیاتر بەخوینەرانی ئۆکتۆبەر رابگەیەنیت.

سەمیر عادل: بەلگەنامەی ناوخۆیی ریکخراوەکە زۆر سادەیە و لەهەرجۆرە باروەریکی ئایدولۆژی بەدورە، تابتوانی ملیۆنەها کەس لەدەرەوەی و ناوەوەی عیراق لەخۆیدا ریکخراوبکرات. بەکورتی بەرنامەو ئامانجی ئەم ریکخراوە لەوە زیاتر نییە کە داوای کۆتایی هینان بەداگیرکاری و دووبارە سازدانەوەی مەدەنیەت لەعیراقدا بکری. کەبیگۆمانم ئەمەش ناکوك نییە لەگەل یاساکانی مافی مرۆڤ لەجنیف کە ئاماژەیە بۆدامەزراندنی حکومەتی نەقومی ونەمەزهەبی لەهەر ولاتیکدا. هەروەك لەریکخراوی کاری ئەفریقادا هاتووە" دەنگیك بۆ هەر کەسیك" کە دواتر بووە دەنگی ملیونەها خەلکی رزگاری خواز لەدنیادا. بەم جۆرەش بەلگەنامەکانی ریکخراوی ئیمە بەم سادەیییە دەبیت تا بتوانی ببیتە ئامرازی جەماوەریکی زۆری خەلك کەدژی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسین لەعیراق و جیهاندا.

خەسرەو سایە: کێ دەتوانیت ئەندام بیت لەم ریکخراوەیەدا؟ واتە مەرجی ئەندامیتی چ لەئاستی بالای ریکخراوەکەو چ وەك هەلسوراویك تیایدا چی یە؟ ئایا لایەنەکان، واتە ئەحزاب و ریکخراوەی تری جەماوەری دەتوانن ئەندام بن تیایدا؟ بەتایبەتی تاچەند ئەحزابی قەومی و ئیسلامی وەیا لایەنگر بەسیاسەتەکانی ئەمریکا دەتوانن ئەندام بن تیایدا؟

سەمیر عادل: هەروەك لەوەلامی پرسیارەکەی پیشوودا ئاماژەم پیکرد، بەلگەنامەی ئەم ریکخراوەیە لەگەل یاساکانیی مافی مرۆڤ لەجنیف هاوتاییان هەیە. واتە دەبی هەموو ئینسانیك بەناسنامەی ئینسانییەوە بناسریتەوە نەك لەسەر بناغەی بیروباروەر و رەگەزو نەتەوە و ... هاوکات ئەم ریکخراوەیە کاردەکات بۆ کۆتایی هینان بە ئیحتلال و دووبارەسازدانەوەی مەدەنیەت و پیکهینانی حکومەتیکی نەدینی و نەقەومی ... هەموو کەس دەتوانی ئەندامی ئەم ریکخراوەیەبیت، بەمەرجیك بەلگەنامەکانی ئەم ریکخراوەیە پەسەند بکاو بری ئەندامیتی بدات بەریکخراوەکە. بەلام بەگویرەی حیزب و لایەنەکانەوە نابی بەرنامەکانیان پیچەوانەبی لەگەل

ناوەرۆكی بەلگەنامەكانی ئەم ریكخراوەیەداو بەشیوەیەكی ئاشكراش رایگەیەنن كە تەئیدی ریكخراوەكە دەكەن و بەریژەی ئەندامانی خۆشیان بری ئەندامیتی بدەن . بۆ زیاتر رشنبوونەوەی پرۆسەی بوونی هەرحیزبیك لەنمونەی ئەندام بوون لەریكخراوی ئەوروپای یەكگرتوو دەچی. بەتایبەتی كاتیك هەردەولەتیك داوای ئەندامیتی بكا لەریكخراوی ئەوروپای یەكگرتوو ئەوا رابەری ئەو ریكخراوەیە داواكە هەلدەسەنگینی و مەرجەكانی بوونە ئەندام بۆ پەیوەست بوون بەریكخراوەكەیەوە بەراورد دەكا تا وەلام بە ئایان نا ی داواكە بداتەوە. بەلام لەبارەی حیزب و لایەنە قەومی وئیسلامی‌یەكانەوە، كە رۆژانە كردەوەی تیرۆریستانە لەدژی خەلكی مەدەنی سازدەدەن و هەموو شوینیكیان كردۆتە مەیدانی جەنگی خۆیان ناكری لەریكخراویك دا ئەندامیتی‌یان پەسەند بكری كە ئالای كۆمەلگای مەدەنی و ئازادی‌یەكانی خەلكی بەرزكردبیتەوە. ئەمانە كارنامەیان بەتەواوەتی لەگەل بەلگەنامەكانی ریكخراویك كە ئیمە بەنیازین راگەیەنین بەتەواوی پیچەوانەیە. ئیمە دامەزراندنی ئەم ریكخراوەیە لەبنەرەتەوە بۆ بەرگرتن بەكردەوە دژی ئینسانی‌یەكانی ئەم دەستەو تاقمانەیە كەكۆمەلگای عیراقیان بەهۆی جەنگیانەوە كردۆتە جەهەنەم. بەلام ئەوەی تایبەتە بەو حیزب و لایەنانەوە كە تەئیدی ئەمریكا دەكەن و بەشیكن لە ئەنجومەنی نیشتمانی و حكومەتی كاتی، بەبۆچوونی من دەكری ئەندامیتی‌یان پەسەند بكری بەمەرجی سنوریك بۆ لایەنگری‌یان لەسیاسەتی ئەمریكاو داگیركاری‌یەكەی دابنین و راشكاوانە دژی ئیحتلال و بوونی هیزەكانی ئەمریكا هەلویست راگەیەنن و داوابكەن كە مافی جەماوەری خەلكی عیراقە چارەنوسی كۆمەلگاو جۆری حكومەتی داهاتووی عیراق دیاری بكەن .. لەسەر ئەم بناغەیە دەكری ئەندامیتی‌یان پەسەندبكری.

**خەسەرو سایە: پەیامتان چی یە بۆ لایەنەكان و خەلك لەدەرەوەی و ناوەوەی عیراق تا لەم پرۆژەیەدا بەشداربن؟**

سەمیر عادل: من لیرەدا ئەم فرسەتە بەسود وەردەگرم تا ئەوە رابگەیەنم كەدەرەوەی ولات بەرەیەكی كاریگەرە بۆ سەركەوتنی ئەم پرۆژەیە. ئەم بەرەیەش دەتوانی سەرچاوەی پشتیوانی سیاسی ومادی بیت. بەتایبەتی ریزیكی فراوان لە هیزە چەپ و ئینسان دۆست و رزگاری خۆواز هەن كە بەدوای ئاسو و ریگا یەكدا دەگەرین كەبەهۆیەوە لەبەرمبەر ئەمریكاو سیاسەتە نائینسانی‌یەكانیدا، لەجیهان و عیراق راوەستن. ئەم پرۆژەیە دەتوانی ئەم ئومیدە بیت و ملیۆنەها ئینسان بەرەولای خۆی راكیشی ولەپال جەماوەری خەلكی عیراقدا رایگری. من لیرەدا بانگەوازی سەرجەم خەلكی ئازادیخواز لەناوخوی عیراق و لەدەرەوە دەكەم بۆ پشتگیری‌كردنیان لەم ریكخراوەیە و پیوەی پەیوەست بن و هەرچی لەدەستیان دیت كۆمەكی پی بكەن. ئەم ریكخراوەیە ناتوانی سەركەویت، لەكاتیكدا سەركەوتنی بەمانای مرۆڤایەتی‌یە لەعیراقدا، بەبی ئەم پشتیوانی‌یە. بەشكست كیشانی سیاسەتەكانی ئەمریكا لەعیراق و شكستی ئیسلامی سیاسی ئومید و ئاسۆیەكی نوی‌یە لەبەردەم مرۆڤایەتی جیهانی ئەمرۆدا، بەتایبەتی بەدوای رووداوەكانی 11 ی سیپتەمبەردا.